# چه ن تێبینی یه ك له سه ر كورته بابه ته كه ی ماموٚستا سوٚران سه باره ت به گه وره شاره كانی كوردستانی مه زن

رێناس جاف

renas caf @yahoo.com

مه خابن له به ر ئه وه ی كورد به درێژایی دیروٚك، ژێرچه پوٚكه و بنده ستی چوارحكومه تی دیكتاتوٚر بووه، زوان و كه لتوره كه شی دیاره كه وتوٚته به ر شالاوی زوان وكه لتوری زالٚ و ده سته لاتدار.بڕوام نییه له نێو كوردا كه س حاشا له م حه قیقه ت و ڕاستییه بكات كه له هه موو پارچه یێكی كوردستان، جه ماوه ره كه ی هه تا ڕاده یێكی كه م تا زوٚر كه وتوٚته بەر كارتێكه ری زوان و كه لتوری زالٚ.جا حكومه ته ده سته لاتداره كان به سه ر كوردستاندا، له زوٚر ڕێگا وه ئه و ده سته لاته ی خوٚیان به ناڕه وا به سه ر جڤاك و كوٚمه لٚگه ی كوردی دا داسه پاندووه.مێدیاكانی حكومه تی و كه ره سته كانی ڕاگه یاندنی گشتیش دیاره له و نێوانه‌دا ڕوٚلٚی سه ره كییان گێڕاوه.هه ر له به ر ئه وه ش جگه له باشووری كوردستان ئه ویش به نیوه چلٚی ، كورد له هیچ كامه له پارچه كانی دی دا نه یتوانیوه به شێوه ی فه رمی، به زوانی خوٚی بخوێنێ وبنووسێ و گه شه به چاند و كه لتوره كه ی بدات.كه‌مینه یێكی ڕووناكبیریش له و نێوانه دا ده بێ چی پێ كرابێ ! یان له به ر هه ڕه شه وگوڕه شه و زه خت و گوشاری حكومه تان به هیوای دوا ڕوٚژێكی ڕوون، خزاوه ته سووچێكه وه، یان ڕووی له تاراوگه كردووه یانه خوٚ چه كی شه ڕه فیان ده شان كردووه. ئه وه ی ئه مڕوٚكه ڕوونه كوٚمه لٚگه ی كوردی له هه موو بارێكه وه ئه وه نده ی سته می به خوٚوه دیوه، گه لێ سالٚان دلٚسوٚزی و خزمه ت و ڕاژه ی بێوچانی شاره زا و پسپوٚڕ و نووسه رانی وشیاری ده وێ هه تا هێدی هێدی كه لێنه كان پڕ بكه نه وه.له هه مووان كوشنده تر ئه وه یه كوٚمه لٚگه ی كوردی له باری چاندی و هزری و ڕووناكبیرییه وه به هه مه چه شنه پاشیان خستووه و ئیزن و ئیجازه ی سووكه چاوكردنه وه یێكیشیان پێ نه داوه . باسه كه مان زێتر له سه ر ده سته لاتی زالٚه كه به كه یفی خوٚی هه مه جوٚره گێره شێوێنییێكی به سه ر كوٚمه لگه ی كوردی دا هێناوه و داخه كه م ئه مڕوٚكه له هه ر چوار پارچه ی كوردستان، زوٚربه ی شار و شاروٚچكه و گوند و چوٚم و ڕووبار و كه ژ و شاخ و داخی كوردستان، ناوه كوردییه كه یان وا لێ شێواندوین، بوٚ خوٚشمان ئاگامان له و حه قیقه ته تالٚه نییه و هه ر وابه لایدا تێده په ڕین .دیاره حكومه ته ده سته لاتداره كان به سه ر كوردستان دا به شێوه ی ئامانج دارئه م كاره یان كردووه و ئه مڕوٚ وایان سه ر لێ شێواندوین به ڕاستی ئه رك و ماندووبوونێكی فره ی گه ره كه هه تا ئه و هه لٚانه ڕاس بكرێنه وه و چی دیله مه فره تر جوٚگرافیای كوردیمان لێ نه شێوێنن .ڕووناكبیرانی هه ر پارچه یێكی كوردستانیش مه خابن ئه وپه ڕه كه ی گه ر شاره زاشبن هه ر ئاگایان له ده ڤه ره كه ی خوٚیانه و به س. خوار و خێچ كردنی ناوی بازێڕ و گوند و كه ژ و كانیاو و هه وار و هه وارگه و چیای كوردستان، گه وره ترین زه بر له دیروٚك و جوٚگرافیا ی مه ده دا و به ره ی سبه ی كوردده گه لٚ زوٚر ڕاستیی نێو كوٚمه لٚگه كه ی ناموٚ ده بێ.مه به ستم له م كورته بابه ته زێتر چه ن تێبینییه ك له سه ر كاره كه ی ماموٚستا سوٚرانه كه به سه د داخه وه كورد ئه وه نده ی ڕوٚژگار ڕه شی دیوه ،زوٚر حه قیقه تی لێ شێوێندراوه.ئه مه ڕاستییه كی تالٚه ئه مڕوٚكه به ره ی ڕووناكبیری مه له هه ر پارچه یێكی كوردستان شێوه ی بیركردنه وه و تێفكرینی له سه ر زوٚر مژاران، ڕاس به گوێره ی زوبانی زالٚه به سه ریدا.شێوه ی وه رگێڕان و نووسین و بگره زوٚر شتی دی، لای مه هێشتاكه زێتر له زوانه كانیتركی و عه ڕه بی و فارسییه وه نزیكه هه تا كوردییه كه ی.زوان و چاند و

که لتوری زاڵ به سه رماندا وای لێ کردووین له گه وهه ر و ماکه کوردییه که ی خۆمان، گه لێ دابڕێین.له نووسین و وه ر گێڕاندا به هاسانی و ساکاری، په نا بۆ ته ق و ڕه قترین و زه قترین په یڤ و ووشه ی ترکی و عه ڕه بی و فارسی ده به ین که چی ئه و ئه ر ك و زه حمه ته به خۆمان ناده ین ڕوو بکه ینه وه زاراوه و بن زاراوه کانی زوبانه ده وڵه مه نده که ی خۆمان .ئه مه مه ترسییه کی گه وره و کوشنده یه بۆ زمانه که مان.ئه مڕۆکه شوکر له سای چاخی سه ته لایت و ئینته ر نێته وه ئێمه ی کوردیش ده رفه تی زێڕینی وامان ده س که وتووه، به ڕابوردووی خۆماندا بچینه وه و هه ڵه کانی پێشوومان ڕاس بکه ینه وه و پیلانی ناحه زانمان بکه ینه بڵقی سه ر ئاو.ئه م ئه رکه ش دیاره له سه ر شانی هه مووانه. خاسما چینی ڕووناکبیر که چه که کیبه ده سته وه یه.مامۆستا سۆران که خاوه نی ئه زموونێکی فره و فره وانه و زۆربه ی بازاڕ و گونده کانیکوردستان گه ڕاوه، ده بوا زه حمه تی زۆرتر به خۆ بدات و بۆ پرۆژه یێکی گرینگی واله هه ر ده ڤه ر و ناوچه یێکه وه بۆ ئه نجامی باشی کاره که ی ڕوو له دۆس و برا وشاره زا و ڕووناکبیرانی ئه و ده ڤه ره بکات.ئێمه ش ددان به مه دا ده نێین ئه مه کارێکی یه ك که سی نییه و هه وڵی هه مووانی گه ره که ڕاستییه کانی دیرۆك و جۆگرافیامانی پێ خۆیا بکه ین.کاره که ی مامۆستا سۆران گه لێ جێی پێزانینه به ڵام دڵنیام گه ر ئه وه شی پێ نه کراوه ده یتوانی کاره که ی و به رهه مه که ی، به رگێکی پوخته تری به وه ردا بکات.به هه ڵه نووسینی ناوی بازێڕ یان گوند و دۆڵ و چیایێکی کوردستان له منێکی که س نه ناسه وه ئه وه ند عه یب و عه ته و نابێ بۆ کاره که م و جه ماوه ریشلێمی ناگرن به ڵام که سێکی مینا مامۆستا سۆران که ناوێکی ئاشنای نێو کوردانه دیاره بابه ته که تۆفیری زۆره.بۆیه ئه م چه ن دێڕه م نووسی هه تا له مه و به دوا هه ر تاقمه و له ناوچه که ی خۆیه وهده س پێ بکات و ئه وه ی له ده ستی دێ دریخی نه کات.چوونکه مێژوو و جۆگرافیای ئاوه ژووکراووی مه .گه لێ شه که تی و ماندووبوونیده وێ هه تا هه ڵه کانی پێ ڕاس بکه ینه وه.مامۆستا سۆران وه ك ده سپێك له گه وره شاره کانی کوردستانه وه ده ستی پێکردووه.وه رن ئێمه ش هه رکێ به نۆره ی خۆ له جۆگه و گرد و تووله ڕێ و چۆم و ڕووبار و پێده شت و قه ڵا و سه یرانگه و بنار و چیا و زۆزان و ئارانی کوردستانه وهده س پێ بکه ین. چوونکه بێگومان ده یێکی دی ئێمه له زۆر شتی کوردی خۆمان گه ر به م شێوه بچێ، داده بڕێین.حه یف نییه ناونیشانی ئه و هه موو هه وار و هه وارگه و کانیاوانه ی کوردستان له بیر بکرێ که سه رپاکیشیان ناوی کوردیی ڕه سه نیان له سه ره.به م کاره مان هه م ده توانین بووژێنه ره وه ی زۆر شوێنه وار و ئاسه واری خۆمان بین هه میش قامووسی ناوی کوردیمانی پێ ده و ڵه مه ند بکه ین و سبه ی له سه ر سه نته ر وده زگا و ناوه ند و قوتابخانه و به شگه و ته نانه ت زارۆکی خۆمانی دانێین. مامۆستا سۆران ڕچه ی شکاندووه وله سه ر خوێنده وار و ڕووناکبیری کورده پێ و شوێنی ئه م هه وڵه پیرۆزه بگرێ.به تایبه ت ئه وانه ی شاره زا و ئاشنا به زانستی جۆگرافیان و ئاشنابه چێکردنینه خشه ی شار و گوند و ڕێگا و بانان.ئێمه هه تا زێتر به رگێ زانستییانه به وه ر کاره که ماندا بکه ین هێشتا هه ر که مه.کاری تاکه که سی ڕه نگه بۆ ئه مڕۆمان سوود به خش بێت به ڵام بێگومان بۆ سبه یمان زۆر کرچ و کاڵ ده بێت.بۆ په ی بردن به ناونیشانی به دروستی شوێنه وار و ناوچه کانی کوردستان،باشترین زێده ر و سه رچاوه، خو دی خه ڵکی هه مان ده ڤه ر و ناوچه ن.له نێو کاره که ی مامۆستا سۆران دا به هه ڵه ناوی چه ن شوێنێ به شارهاتووه وه ك: تاقۆسان نه ك تاقوه سان که یه کێ له شوێنه واره کانی دیرۆکی شاری کرماشانه یان بازرگان که سه ر سنوورێکه نه ك بازێڕ.هه ر وه ها ناوی دروستی چه ن شاری دی کوردستان به م شێوه ن: کامێران، جۆڵه مێرگ، دێرسم یان دێرسیم، شرناخ، نۆتشه .نه وسوو، بینگۆل، شاروێران، دێولان و هتد.جارێکی دی گه لێ سوپاس بۆ هه وڵه که ی مامۆستا سۆران. ئومێدمه بابه ته که م ده رووی تازه مان له ڕوو بکاته وه.